
شێرکۆ عادل دەباغ
دەربارەی ڕەچەڵەکی
بەریتانیا و ئینگلیس، بنەچە و ئاخاوتنیان
MARE
شێرکۆ عادل دەباغ
دەربارەی ڕەچەڵەکی بەریتانیا و ئینگلیس، بنەچە و ئاخاوتنیان

# دەربارەی ڕەچەڵەکی
# بەریتانیا و ئینگلیس
# بنەچە و ئاخاوتنیان

نووسەر: شێرکۆ عادل دەباغ

بابەت: مێژوو

هەڵەگر: گرووپی ماهان

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٩

تـــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارە سپاردنی (١٨٣٧)ی ساڵی ٢٠١٩ پێ دراوە

# دەربارەی ڕەچەڵەکی
# بەریتانیا و ئینگلیس
## بنەچە و ئاخاوتنیان

شێرکۆ عادل دەباغ
٢٠١٩

ڕیزو سوپاس بۆ هەموو ئەوبەڕێزانەی هاوکارم بوون بۆ
بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمە :
بەڕێز سیروان حەمە سدیق سەرپەرشتیاری گشتی
بەرهەمەکە و بەڕێوەبەری دەزگای جەمال عیرفان
بەڕێزجیا سدیق هاوکاری سەرچاوە و تایپ و داڕشتن
بەڕێز باخان ئەحمەد لە بواری هەڵەگری و ڕێکخستن لە
گروپی ماهان ، هەروەها دیزاینی ناوەوە لەلایەن بەڕێز
ئومێد ئەحمەد و دیزاینی بەرگ : بەڕێز ئارام ئەلی
بەڕێز کۆچەرعادل دەباغ سەرپەرشتیار لە کوردستان
بەڕێز هەردی عادل دەباغ بڵاوکردنەوەی لە ئەڵمانیا
کۆمپانیای بیلاف چاپ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە
شارەکانی هەرێمی کوردستان

پێشکەشە بە کچ و کوڕەکەم :کەنیشکەو نالی
پێشکەشە بە : خوێنەری بەڕێز

# دەربارەی ناوی "بەریتانیا"

بەریتانیا (Britain): ناوی شوێنە، دوورگەیەکی گەورەیە و دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای کیشوەری ئەورووپا. خێڵە کۆنەکانی سەلتیك (Celtic) کە لە سەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پێش زایین هاتوون و لە خواروی بەریتانیا (Britain Isles) نیشتەجێ بوون، بە زمانی کۆنی سەلتیکی (Proto-Celtic) دواون کە بە زمانی کۆنی بەریتانی (Old Bryhtain Language) ناسراوە و لە بەریتانیا و ئینگلتەرا بە کۆنترین زمان دادەنرێت.

ئەم سەلتیکانە ناوی دوورگەی بەریتانیا یان بە پرێتۆنی (Pretoni) وەك سەرەتاییترین ناوی بەریتانیا هێناوە، ئەگەر چی تا ئێستا هیچ سەر چاوەیەك لەئارادا نییە ڕوونی بکاتەوە ئەمانە ناو و ناونیشانی بەریتانیایان لە چ سەرچاوەیەکەوە هێناوە یان وەرگرتووە، بەڵام واتای ناوی پرێتاین (Pretain) لای سەلتیکەکان بەم مەبەستانە دێت:

The Painted Ones or The Tattooed Folk[1]

وێنەکێشەکان یان خەڵکی تاتۆیی

[1] Body Decoartion, Cunliffe, Barry, Oxford, 2012.

لەگەڵ ئەمەشدا چەند سەرچاوەیەکی جیاواز هەن هەریەکە و بە شێوازێکی جیاواز شیکاری بۆ ناوی بەریتانیا دەکات، یەکێك لەوانە "فەرهەنگی ئۆکسفۆرد"ە بەم شێوەیە:

Britannia: bri-tan-yah: The Woman Wearin a Helmet and Carrying a Shield and Trident[2]

خانمی جەنگاوەری خودە لە سەری قەڵغانبەدەستی خاوەن ڕم

هەندێکی دیکە واتای ناوەکەی بە "ئەلبیۆن" دەبەن، کە دیوارە سپییەکانی دەم دۆڤەر دەگەیەنێت

Albion: The White Cliffs off Dover

هەندێکی دیکەش بە نموونە وەك " Marshall Cavendish "These Islands لێکی دەداتەوە بە دوورگەییەکان و ئەمانە و چەندین بۆچوونی دیکە دەربارەی ناوی دوورگەی بەریتانیا.

[2] Oxford English Dictionary, Maarice Waite,7th edition, Oxford, 2012.

لە نیوەی دووەمی دواهەمین هەزارەی پێش زایین و بەتایبەتییش لە نیوەی دووەمی سەدەی (4پ. ز.) بەدواوە، گریکە کۆنەکان لە ڕێی مێژوونووس و جوگرافیناس و کە شتیوانە شارەزاکانیانەوە هەروەك: " Pytheas of Massalin, Diodorus of Sicily, Strabo, Plinys, Ptolemy"، زۆر ڕوونتر و بەر چاوتر ناوی بەریتانیایان بە برێتانیك (Bretannike) یان پرێتانیك (Pretannike) هێناوە. سەرەڕای چەندین مێژوونووس و جوگرافینا سی دیکەی گریکی کۆن کە بە شێوەیەکی گشتی بە دوورگەی بەریتانی (Britannic Island) ناوی هێنراوە.

پا شتر و لە دەمی بوونی دە سەلاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە بەریتانیا بەتایبەتی ماوەی نێوان سالانی (46–410ز.)، لەلایەن ئیمپراتۆرەکانی وەك: (کلاودیوس، یولیوس قەیـ سەر، هادەریان و ئۆنتۆنی ) بە (بەریتانیا – Britannia) ناو دەبرێت و با سی لێوە کراوە. بەلام دوا بەدوای کۆتاییهاتنی دە سەلاتی ڕۆمانەکان لە بەریتانیا و لە کاتی کۆ چی بەلێ شاوی خێڵەکانی وەك Jutes, Saxons, Anglo)ی دوورگەی یوت لاند (Jut Land) کە لە ئێستادا بە دانیمارك نا سراوە و ڕە چەڵەکی نەتەوەی ئینگلیس پێك دێنن و زمانی کۆنی ئینگلیسی یان ئەنگلۆ–ساکسۆن (Anglo-Saxon) دێتە

ئاراوه و به "Bryten" ئاماژه به ناوی بەریتانیا دەکرێت. زمانی کۆنی ئینگلیسی بۆ زیاتر لە 6 سەدە لە ئینگلتەرا و بەریتانیا خۆی دە چە سپێنێ و دەبێتە هەوێنی زمانی ئینگلیسی، بەڵام دواتر و بە هۆی گۆڕانکاریی سیاسی و هاتنەئارای شاذ شینە تازەکان بەتایبەتییش لە سالانی (1066ز.) بەدواوە کە بە دەمی نۆرماندی نا سراوە (Norman Conquest)، گۆڕانکاریی زمانەوانی بەدوای خۆیدا دێنێ، ناوی بەریتانیا بە فەرەنسی کۆن بە "Bretaigne"، بە لاتینیش بە هەردوو شێوازی "Britannia" یان "Brittania" نووسراوە.

پا شان لە  سەدەی 13ی زایینی بە "Bratons" و لە  سەدەی 17ی زایینی بە "British Isles" ناوی هاتووە، لە ساڵی (1922)ش بەدواوە بە "Britin" ناو براوە: شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیای مەزن و ئایرلاندUnited Kingdom of Great Britain and Irelan

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرلەبەری ناوی "Britain Isles" هەمووی یەك ناوە و لە هەندێك کات و دەم و دەسەڵاتی جیاوازدا بە دوو پیتی (T) یان (N) نووسراوە، هەروەها بە پێشگرەکانی (B) یان (P) دەستی پیێ کردووە و بە پاشگرەکانی (K) یان (C) کۆتایی هاتووە، بەمەش سەرلەبەری وشەکان و ناوەکان بوونەتە "Britanic" یان "Pritanik" کە ئەمانەش ناو و وشە و فۆنەتیکی "Britain"ە. وەك ئاماژەی بۆ کرا تەمەنی ناوی "Britain"  لە بەڵگە هەرە کۆنەکانی خێڵەکانی سەڵتیکەوە درێژ دەبێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی. ئەگەرچی تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەك لەبەر دەستدا نییە بۆ تەمەنی ئەم ناوهێنانە لەپێش سەڵتیکەکان، بەڵام ڕەگی وشەی ناوی "Britanyah" یان "Britanic" دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش ئەم ناوهێنانە **وە سەرچاوەی بڕگەکانی ناوی بەریتانیا ئەگەڕێتەوە بۆ سەر زمان و بڕگە سۆمەریە کۆنەکان ، کە لەپاش خۆیان (سۆمەریەکان)وەك**

**میراتیەکی ئاینی و کلتوری زمانەوانی بە میراتی بۆ نەوەکانی زاگرۆس – میسۆپۆتامیا ماوەتەوە و بەکار هاتووە و بەردەوامی هەیە تا ئەمڕۆ لە زمانی کوردی دا ( کوڕ-دوو)**

وە لە زمانی سۆمەریدا[3] کە بە "Ki-en-Gi" ناویان هاتوە و زمانەکەشیان بە "Eme-Gir[4]" ناسراوە، لە دوو بڕگە ناوی بەریتانیا

[3] سۆمەرییەکان (Sumerian) بە خۆیان وتووە "Ki-en-Gi" و لای ئەکەدییەکانیش بە "شومەر–مات" (Shumer-mat) ناویان براوە، وەك ئاماژەیەك بۆ دانیشتووانی دەشتە گەرمەکانی سەر لێواری هۆڕە قامیشەڵانەکانی خوارووی مێسۆپۆتامیا بەکار هاتووە. لە ئەنجامی کنەوپشکنینە دێرینەناسییەکان، ناوی سۆمەرییەکان لەسەر ڕووی تاتە مێخییە ئەکەدییەکان دۆزرایەوە. سۆمەرییەکان یان "Ki-en-Gi" کۆنترین شارستانیەتن کە نزیکەی 35 سەدە پێش زایین نووسینیان داهێناوە و خاوەنی سیستمی شارەدەوڵەت بوون لەخوارووی مێسۆپۆتامیا.

[4] Eme-Gir: ناوی زمانی سۆمەرییەکانە کە لە ئێستادا هیچ شوێن و پێگەیەکی لە لیستی زمانە جیهانییەکاندا نییە، خاوەنی ڕێزمانی تایبەتمەندی خۆیەتی کە زۆر نزیکە لە زمان و ڕێزمانی کوردیی هاوچەرخ و دەشێت بە یەکێك لە زمانە زاگرۆسییەکان دابنرێت. نزیکەی 35 سەدە پێش زایین بە شێوەیەکی سەرەتایی و لە شێوەی وێنەدا بابەتە ژمێرییارییەکانینان لەسەر تاتەقوڕینەکان تۆمار دەکرد، پاشان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ژیاری، گۆڕانکاری لە نووسینەکەدا هاتە ئاراوە و بوو بە ئەلفوبێ. لەمەوبەدوا نەك تەنیا بابەتە ژمێرییارییەکان، بەڵکوو سەرجەم بابەتەکانی وەك ڕووداو و ساڵنامەی پاشایان، وێژە، ئایینی و گەلێکی دیکە لەسەر ڕووی تاتەقوڕینەکان تۆمار دەکران. بەکارهێنانی نووسینی بە سەردەمانێکی دوورودرێژدا تێپەڕ بووە و تا سەدەی یەکەمی زایینی پەرە بە بوونی دراوە.

ێك دێت (BAR +TAK) كه ناوی "Britak" یان هەروەها BRITANNIA"(BAR + TANNIA) پێك دەهێنێت.

**له زمانی سۆمەریدا هەر بڕگەیەك واتای خۆی هەیە:**

Bar: (out) side
Tak4: Cutout, touch

هەردوو بڕگەی لێكدراویش دەبێتە "Bar-Tak"، واتاكە شی دەبێتە "Cutout Side" یان "Touch Side"، لێكدانەوەی بڕگەكان پێكەوە واتای پڕاوپڕ بە بالآی ناوی دوورگەی بریتاین (Brtain) دەگەیەنێت كه ناوی شوێنی تاك و تەنیا و دابڕاو دەگەیەنێت. ئەم شێوازی ناوهێنانەش له بەریتاذیادا نەبووە، بەڵكوو ئەوانەی دەرەوەی بەریتاذیا ناویان هێناوە، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ دانیشتووانی ئەوبەری خۆرهەڵاتی بەریتانیا كه دەكاتە خۆرئاوای ئەورووپا له كەنارەكانی پرتوگال و ئیسپانیا و فەرەنسا تا دەگاتە بەلجیكا و هۆڵەندا و دانیمارك دەگرێتەوە. واتە ئەوانەی له خۆرئاوای ئەورووپا وەستاون و ڕوویان كردووەتە دوورگەی بەریتاذیا و بە بریتاین ناویان هێناون، ئەمەش لەگەڵ "Bar-Tak"ی سۆمەریی كۆن یەك دەگرێتەوە، واتاكە شی وەك ئاماژەی بۆ كرا بەری تاك و تەنیا و دابڕاو دەگەیەنێت.

واتای ئەم ناوهێنانە هەر لای سۆمەرییەکانی باشووری مێ سۆپۆتامیا[5] نەبووە، بەڵکوو لای دانیشتووانی ناوەڕا ست و باکووری مێ سۆپۆتامیا و هەموو زاگرۆ سنشینەکان[6] هەمان واتا و مەبە ستی هەبووە، هەروەها ڕەگوڕیشەیەکی قووڵیشی لە زمانی کوردیی[7] هاوچەرخدا داکوتاوە و تا ئێستاش هەمان واتا و مەبە ست دەبەخشێت، جا چ بە شێوەی برگەی لێکدراو بێت یان بە جیا و سەربەخۆ. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سەڵتیکە کۆنەکان و گریکە کۆنەکان ئەم ناوەیان وەرگرتووە و لەگەڵ دەربڕین و ئاخاوتنی زمانی خۆیان گونجاندوویانە، بە شێوەیەک لای سەڵتیکەکان بە "Pretoni" و لای گریکە کۆنەکانیش بە "Bretannike" یاخود بە

---

[5] مێسۆپۆتامیا (Mesopotamia): خۆرهەڵاتناسانی سەردەمی گریکی کۆن بە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات (Tigris-Euphrates)ی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستیان وتووە مێسۆپۆتامیا. درێژییەکەی: 1780–1150کم دەبێت.

[6] زاگرۆس (Zagros Mountain): زنجیرەچیاکانی زاگرۆس لە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان (تورکیای ئێستا) درێژ دەبێتەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری کوردستان (عێراق و خۆرئاوای کوردستانی ئێستا) و دەگاتە ناوچەی عیلام لەنزیک کەنداو. درێژییەکەی: (1600کم)ە.

[7] زمانی کوردی (Kurdish Language): زمانی دانیشتووانی زنجیرەچیاکانی زاگرۆس و کەنارەکانی ناوەڕاست و باکووری هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕاتە، لە ئێستاشدا بە کوردستان ناسراوە. ئەم زمانە لە چەند شێوەزارێك پێك دێت و دانیشتووانەکەشی بە کورد ناسراون. سۆمەرییەکان بەر لە زیاتر لە 4500 ساڵ بە کوردا (Kur-da) یان کاردا (Kar-da) ناویان بردوون.

"Prettanike" دەخوێنرێتەوە. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش لەگەڵ کەلتووری خاوەن دەسەڵاتە سیاسییەکانی وەك ئەنگلۆ سەکسۆن و ڕۆمان و نۆرماندیدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، پاشان لە ئاخاوتنی لاتینی و دەمەکانی دیکەدا بە کەمێك جیاوازی لە پاش و پێش کردنی پیتەکان درێژە بە ناوی "Bar-Tak" دراوە.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ درا ناوی بریتاین لە زمانی سۆمەریدا لە دوو بڕگەی سەربەخۆ پێك دێت:

1- Bar 𒁇 : (out) side U+12047.[8]
2- Tak4 𒋺 :Cutout, touch U+122FA.9

بڕگەی "Par"ی ناوە یۆنانییەکە هەمان واتا و مەبەستی بڕگەی "Bar"ی ناوە سۆمەرییەکەی هەیە کە واتاکەیان "پەڕ" یان "ئەوپەڕ"ە.

Par4: to stretch, spread out, to Passover; Archaic Frequency: 13.[10]

هەڵبەت لە سەرەتای سەرهەڵدانی بنەماڵەکان و تا سەردەمانی پاش سۆمەرییش، دوورگەی بەریتانیا نەنا سراو بووە، بەڵام بە هۆی بەربلاوی و بەرفراوانیی زمان و خەتی مێخی لەو کاتەدا ئەوانەی پاش سۆمەرییەکانیش لە با شووری مێ سۆپۆتامیا هاتوون و دە سەڵاتی

[8] Sumerian Lexicon, John A. Halloran.
[9] Sumerian Cuneiform English Dictionary, Ed Peter.
[10] Sumerian Lexicon, John A. Halloran.

سیا   سییان هەبووە، لەگەڵ ئەوەی زمانی ئاخاوتن و فەرهەنگیان جیاواز بووە، بەڵام درێژەپێدەری هەمان خەت و ئەلفبێ بوون، بە وڵاتانی دەوروبەرید شیانەوە. هەر لەبەر ئەمەیە و شەی "Bar-Tak" یان "Baritanik"یان بەکار هێناوە، ئەمەش دەرئەنجامی بە میرات مانەوەی زمانی چەندین هەزار ساڵەی سۆمەرییەکان بووە، بە رادەیەك تا ئێستاش رەگورپیشەی لەناو زمانی دانیشتووانی ناوەڕاست و باکووری مێ سۆپۆتامیا ماوەتەوە و بەردەوامیی خۆی هەیە، بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین دەکرێت فەرهەنگێکی زمانەوانیی گەورەی جووت زمانی کوردی–سۆمەری لێ هەڵبهێنجرێت.

| Sumerian Southern Mesopotamai | Kurdish Northern Mesopotamia | Meaning in English Language |
|---|---|---|
| Bar | Bar-Bari | (Out) side |
| Par | Par-Pari | to stretch, to spread out, to Passover |
| Tak | Tak-Tanyah | To touch, cutout, to weave |

یه کەم جار گریکه کۆنه کان له 325ی پێش زایین ناوی بەریتانیایان له ڕێی جوگرافیناس و که شتیوانەکانی وەك " Pytheas of Massalia"یان به شێوەی "Bretanc" هێناوە، که زۆر له ناوه سۆمەرییەکەوە نزیکە. لەبەر ئەوە گریکە کۆنەکان وەك وێستگەیەکی زاد ستی بوون له هەڵگرتنەوە و گوا ستنەوەی کولتوور و ئایدیا و زاد ستەکانی خۆرهەڵات و مێ سۆپۆتامیا بۆ خۆرئاوا و ئەورووپا بەگ شتی. گوا ستنەوەی ناوی بەریتانیاش له وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە، دە شێت یەکێك بێت لەو ناو و دە ستەواژانەی که له ڕێی گریکە کۆنەکانەوە گوازراوەتەوە. دەتوانین له ڕێی ئەم لێ ستەی خوارەوە ڕوونتر نووسین و واتای ناوەکه له زمانی سۆمەریدا ببینین:

| Cuneiform | Sumerian Word | English Description |
|---|---|---|
|  | bar<br><br>bár | n., (out)side, soul, innards, fleece [BAR archaic frequency: 306]<br><br>V... to open: to uncover expose: to see: to remove: to be absent: to release: to peel, pare, shell: to select: to divide: to split: to distribute: to keep away (with- ta-) (container plus to expel. remove as in ri).<br>Adj., foreign.<br>Prep., because of. |

| | | |
|---|---|---|
| | | (cf., barag). |
| <br>TAK4<br>TAK | bar6.7<br>bȧra. pȧra, bȧr, pȧr [DAG]. Para4. Par4 [KISAL]<br>IM×TAK4, IM. TAK4, TAK4. TAK4.IM<br>taka- taga- tak- tag- tȧ<br>TAK4<br>TAG | V., to shine, be bright: to break (of the day) (cf., bar, to expose, which refers here to the sun: and cf., ara4, to shine: to blaze)<br>Adj., white.<br>To stretch or spread out: to pass over: to be stretched or spread out (cf., bárag) (interchanges with búru) (ba. To apportion. Divide, + ra(-g/h), t overflow; cf. compound word, ba-ra(-g)) [BARA3 archaic frequency: 13]<br>To cut; to be cut out.<br>To touch, handle, hold; to weave; to decorate, adorn; to strike, hit, push; to start a fire; to fish, hunt, catch (can be reduplicated) (te, to approach + aka, to do, |

| | | |
|---|---|---|
| | | place, make) [TAG archaic frequency: 48?; concatenates 7? Sign variants].<br><br>Cutout,<br>دابڕاو<br><br>Touch, لە تەنیشتەوە، لە نزیکەوە<br>Near to نزیکایەتی، لە تەکیا |

لە چەند شوێنێکی ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ناوی بەریتانیا بەپێی بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی ژیاری و گەلانی سەردە ستە، گۆڕانکانی بە سەر چۆنیەتیی نوو سین و خوێندنەوەیدا هاتووە. ئەم خ شتەیەی خوارەوە سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانە بەپێی سەردەمەکان لەخۆ دەگرێت:

| Ema-Gir Sumerian Lanuage Southern Mesopotamia | Kur-Du Kurdish Lnguage Northern Mesopotamia | Ancient Celtic Common Brittonic 6DC-1AD | Nésoi Ancient Greek Language 4DA-1ST AD | Anglo-Saxon Old English 4DA-1AD | Roman Britin Roman Time 46 AD-410AD | The Latin |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| Bar-Tak | Bari Pari-Tanyha | Pretoni | Bretannike Prettanike | Bryten | Britannia | Britannia Brittannia |
| Bar Par U+12047 | Bari Pari-Tanyah | Pre | Bre Pre | Bry | Bri | Bri |
| Tak U+122FA | Tak Tanyah | Toni | Tannike Ttanike | Ten | Tannia | Ttannia |
| (out)side: to touch, cutout | (out)side: to touch, cutout | ——— | ——— | ——— | ——— | ——— |

پێویسته ئاماژه بەوه بدەین له زمانی سۆمەریدا وشەی "Bar" بۆ مەبەستی ئاماژەدان به ناوی شوێنی دیکەش له ناوەڕاست و باکووری مێسۆپۆتامیا بەکار هاتووه، وەك "Su-Bar-to" که ئەمەیان ناوی ولات یان دانیشتووانی ڕەسەنی ناوەڕاست و باکووری مێسۆپۆتامیایه، بابوباپیرانی کوردانن. سۆمەرییەکان مەبەستیان بووه ئاماژه به خەڵکانێك یان ولاتێك بکەن که دوور بووه له ناوچەی دەسەلاتی خۆیان، ئەمەش له بەکارهێنانی وشەی "Bar"دا خۆی دەبینێتەوه.

لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیارێك دەبینەوه، ئایا تەنیا ناوی بەریتانیایه که ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی له زمانی سۆمەری و کوردیی هاوچەرخدا هەیه، یان ناو و دەستەواژەی دیکەش هەن له زمانی ئینگلیسیدا که بەرەچەڵەك بگەڕێتەوه سەر زمانی سۆمەری و کوردیی هاوچەرخ؟

لەراستیدا بەسەدان وشه و ناو له زمانی ئینگلیسیدا هەن که ڕەگەکەی له زمانی سۆمەری و کوردیی هاوچەرخدا هەیه، که دەکرێت به فەرهەنگیکی زمانەوانی جیا بکرێنەوه و بخرێنه ڕوو. بەپێی توانا لەم توێژینەوەیەدا هەندێك لەوانه ئاماژەیان پێ دراوه.

هەڵبەته هۆکاری گۆڕانی پیتێك له وشەیەکدا بەپێی "Morphologia" له ناوچەیەکەوه بۆ ناوچەیەکی دی ئاساییه و ڕوو دەدات، لەگەڵ زمان و کولتوور دەگونجێنرێت، ئەمەش لەنێوان

کۆمەڵگەکاندا بەدی دەکرێت و هە ستی پیٚ دەکرێت. و شەی ناوی ئینگلیز سی کە ڕەگەکەی پێش زیاتر لە 2000 ساڵ ئەنگلۆ بووە، ئەمەش هەمان یا سای زمانەوانی دەیگرێتەوە و لە سیٚ برگەی زمانی سۆمەری و کوردی پێك دێت:

En: بڕگەی یە کەمی ناوە کە یە و وا تای سەردار (Lord) دەبەخشێت و لە زمانی کوردیی هاوچەرخیشدا دەبێتە هێن (Hen).

Gal: کە برگەی دووەمی ناوەکەیە، لە زمانی سۆمەریدا بە واتای گەورە و مەزن دێت و لە کوردیی هاو چەرخیـ شدا هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنێت.

Lu: برگەی سێیەمی ناوەکەیە، لە هەردوو زمانەکانی سۆمەری و کوردیی هاوچەرخدا بە واتای پیاو یان خەڵك دێت.

وا دەردەکەوێت کە خێڵە ئینگلیز سەکان بە هۆی کە سایەتییە گەورە و پیاوە مەزنەکانیانەوە نا سراون و ناویان لیٚ نراوە "پیاوی خانەدانی مەزن" یان "خەڵکی خانەدانی مەزن". پێش ئەوەی ئەم خێڵە ئینگلیز سانە بگەنە بەریتانیا و لە دوورگەی یوت لاندی دانیمارك نیشتەجیٚ بن، هەر بەو ناوەوە نا سراون کە مێژووەکەی بۆ چەندین سەدە پێش زایینی دەگەڕێتەوە. لە ڕێی ئەم خشتەیەوە زیاتر تیشك دەخەینە ناوی ئینگلاند لە هەر سیٚ زمانەکانی سۆمەری و کوردیی هاوچەرخ و ئینگلیسیی هاوچەرخ لە ئەمڕۆدا:

| Sumerian Cuneiform | Character Code | Sumerian Ema-Gir Southern Mesopotamia | Kurdish Kur-Du Northern Mesopotamia | English Lnaguage | New Kurdish Lnaguage | Meaning |
|---|---|---|---|---|---|---|
|  | 120a7 | EN | HEN | Lord | Lort | Great lord man |
|  | 120f2 | GAL | KAL | Great | Gurea | |
|  | 121ad | LU2 | LU | Man | LU | Great dignitary people |

| Sumerian Ema-Gir Southern Mesopotamia | Kurdish Kur-Du Northern Mesopotamia | English Lnaguage | New Kurdish Lnaguage |
|---|---|---|---|
| En | Hen | Lord | Lort |
| Gal | Kal | Graet | Gura |

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە دوو پیتی کۆتایی (Sh)ی و شەی "English" کە لە یا سای زمانی سۆمەری و کوردیدا هەمان شتە و دەبێتە پیتی "S" و پێچەوانەکە شی ڕا ستە. وشەی "English" لە بنەڕە تدا "Englis" بووە و لەلای سۆ مەری یە کان و کوردانی نی شتەجێی مێ سۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆس و خوورییەکان بەکار هاتووە، هەروەها زۆر و شەی دیکەش هەن لە زمانی دێن شینی کوردانی ناوەڕاست بە پاشگری "س" کۆتاییان هاتووە. بەکارهێنانی بڕگەی "En" لە زمانی سۆمەریدا بۆ ناوهێنانی نەوەکانی خۆیان و نا ساندنی خودی سۆمەرییەکان بووە وەك "Ki-en-gi"، واتە: جێی خانەدانی قامیشەڵان. بڕگەی "En" واتای خانەدان "Lord" دەدات و هەمان بڕگەیە لە ناوی ئینگلیسدا هەیە: En Gal-Lu-Anglu.

وەك ئا شکرایە ڕە چەڵەکی ئینگلی سە کۆنەکان لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پاش زایینەوە بە لێشاوی کۆچبەری پەڕیونەتەوە دوورگەی بەریتانیا، کە لە بنەڕەتدا خۆیان پێ شتر لە دوورگەی یوت لاندی دانیمارکی هاو چەرخ بوون، پێکەوە لە سێ خێڵی سەرەکی وەك (Englo, Saxsun, Juti) پێك هاتوون، ئەم خێڵانە بە سەدان ساڵ لەو ناوچانەدا ژیاون و پێشتر کۆچی بۆ کراوە.

لە لایەکی دیکەوە لە خۆرهەڵات لە چیاکانی زاگرۆس و بە شی سەرەوەی کەنارەکانی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات، چەندین خێڵ لە ئەنجامی ئاوارەبوونیان لە تر سی شەڕ و جینۆ سایدبوون و قڕتێبوونیان، بۆ خۆپارا ستن و ڕزگاربوونیان لە دە ستی ئۆردووی

قەبائیلی بەدوی سەحراوی وەك: ئەكەدی و ئا شووری و ئاموری و ئەوانەی پا شتریان، كۆچی بەلێشاویان بەرەو باكووری مێسۆپۆتامیا و باكووری خۆرئاوای مێ سۆپۆتامیا كردووە، واتە بە دوو ئاڕا ستە هەڵك شاون، بەدەوری دەریای ڕەش بەرەو كرواتیا[11] ڕۆی شتوون و لەوێ شەوە ڕووەو باكووری ئەوروو‌پا كۆ چیان كردووە. ئەم خێڵانە هەر كاتێك هەلی پەڕینەوەیان بۆ ڕەخ سابێت بۆ ژیان درو ستكردن و پێكەوەنانی كۆمەڵگای نوێ و دە سەڵاتی شاذ شینی، لە بەریتانیا پەڕیونەتەوە و كۆ چی بەلێ شاویان كردووە، وەك ئەوەی لەپاش داڕمانی دە سەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی لە بەریتانیادا لە 46ی زایینی ڕووی دا كە هەر سێ خێڵەكە پەڕینەوە بەریتانیا و كۆمەڵگای نوێی ئیگلاندیان پێك هێنا. ئەوەی جێی تێڕامانە، ناوەكانیانە كە هەمان ناوی هاو شێوەی خێڵەكانی باكووری چیاكانی زاگرۆس و دە شتەكانی كەناری مێ سۆپۆتامیا لە ناوەڕا ستە، بۆ نموونە خێڵی یوتی (Juti) هاوشێوەی ناوی خێڵی گوتی (Guti) و خێڵی ساكسۆن (Sucson) لە بنەوانی سا سانییەكان و ئینگلیـ سەكانیش هەر بە ساسانی ناویان دەبەن، وە ئەنگلۆكانیش (Englo لە En-gal-lu) لە پیاوانی مەزنن و ناوەكەیان لە بنەڕەتدا لە زمانی سۆمەری و كوردی پێك هاتووە.

---

[11] هەندێك لە كرواتییەكان بڕوایان وایە ڕەچەڵەكیان لە خێڵە كوردییەكانی چیاكانی زاگرۆسە.

نەك تەنیا ناوی خێڵەکان، بگرە ناوی کەسایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانیشیان زۆر نزیکن لە زاگرۆسییەکان، بە نموونە هەردوو کەسایەتیی پاڵەوان و شەڕکەری داستانی پاشای بەریتانیا (Vortigern) کە بە ئانیگاست و هۆرسا (خۆرسا) لە شەڕکەرە ئازاکانی خێڵی یوتی (گوتی)ن، جگە لەمانە پاشگر و پێشگری ناوەکانی خێڵەکانی سەمبەری و توو توونی و کیمبەری و ناوی زیلاند و ناوەکانی دیکە هەمووی جێگای سەرنجن لەناو دەستەواژە و ناوە کۆنەکانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا نشینەکان.

جگە لە بابەتی کۆچکردن لە ترسی جینۆسایدەکان، بابەتی گرنگتر هەیە بواری ئایین و ئایینزانییە کە لایەنێکی گرنگی مێژووییە بۆ گەیاندنی زمان و کولتووری خێڵە کوردەکانی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆسییەکان بۆ دوورگەی بەریتانیا. یەکێك لەو بیروباوەڕە ئایینیانەش کە بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوانی هەبووە، ئایینی میترایی بووە، بۆ ماوەی نزیکەی پێنج سەدە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی پێش زایینەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی زایینی، ئایینی فەرمی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی بووە کە بێگومان بەریتانیاش لە سەپاندنی ئەم ئایینە بێبەش نەبووە، ڕەگی خۆی لە زمان و کولتوور و بیروباوەڕی دانیشتووانی بەریتانیای کۆندا چەسپاندووە. بێگومان ئایینی ڕۆمانەکان ئایینێکی بێگانە و وەرگیراو بووە لە دەوروبەر و بەتایبەتییش لەژێر کاریگەریی ئایینی باوی پێش سەدەی خۆیان بووە کە دەکاتە ئایینی خۆرهەڵاتی ڕۆما،

بە تایبەتیش  ئایین و بیروباوەڕە کانی زاگرۆس و میز   سۆپۆتامیای سەدەی پێش  هاتنی ڕۆ مانی یە کۆ نە کان،  ئایینی میترایی  لە خۆرهەڵاتی ناوەڕا ست و جیهانی کۆن بەگ شتی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. میتراییەکان خۆیان خاوەنی بیروباوەڕ و ئایین و دە سەڵاتی شاهانەی خۆیان بوون و ناوبانگ و کاریگەریی زۆریان لە    سەر دانیز   شتووانی کۆنی    چیاکانی زاگرۆس و ناوەڕا   ست و  باکووری میز   سۆپۆ تام یا  هەبووە  و  خەڵکە کەی  بە  خووری (Hurri)  یان "Kurrian" نا سراوە کە لە نوو سراوەکەی کیکولی (Kikkuli) کە بە زمانی خووری نووسراوە،  شارەزای فێرکاریی ئەسپسواری بوون. لە هەمان نوو  سراودا، بڕگەکانی ناوی میتانی بەم   شێوەیە داڕێژراوە: .mi-it-ta-an-ni

میتانییەکان بە هۆی ئایینی میترای و میرەکانیانەوە کاریگەریی زۆریان هەبووە لە    سەر خۆرهەڵات و خۆرئاوای زنجیرە   چیاکانی زاگرۆس و دۆڵی میز  سۆپۆتامیا و جیهانی کۆن بەگ  شتی، لە ماوەی نێوان    ساڵانی 1500 تا 1250ی پێش زایین توانیویانە    چەند ناوەندێکی گرنگی دە سەڵات لە وا شوکانی ( سەرێکانی لە خۆرئاوای کورد  ستانی ئێز  ستا) و نوزی (یۆرغان تەپە لە کەرکووکی ئێز  ستا) لەپاڵ خوورییەکاندا دامەزرێنن و هاوچەرخی  چەندین دەوڵەتی زلهێز بن وەك: کا  شییەکان لە بابل بە خووری، هیتییەکان لە ئەنەدۆڵ کە بە خووری یان کوری و فیرعەونەکانی میز  سر کە بە میتانی ناویان

بردوون و هەروەها ئا   شورییەکان کە جیاواز لەوان بە خانی گالبات (Kani-gal-bat) ناویان بردوون و بەردەوام لە کێ شمەکێ شدا بوون. هەر کچی پا شای میتانی بوو کە بیروباوەڕی خۆرپەرستیی لە دەمی بنەماڵەی 18 لە    سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەخناتون فیرعەونی میـ سردا بڵاو کردەوە. ئەم دەوڵەتە لە سەر دە ستی  شەلماز سەری یەکەم (1273–1244پ. ز.) کۆتایی بە  فەرمانڕەوایان هات. نموونەی مێژووی زۆر لە بەر دە   ستدان لە  کاولکاری و قڕکردنی دانیـ شتووانی زاگرۆس و کەنارەکانی دوو ڕووبارەکە، بەتایبەتییش لە
سەردەمانی ئا   شوورییەکان لە یەکێ لە نوو  سراوەکانی  سەر تاتەقوڕینێکی  سەردەمی "ئەدەد–نیرار"ی پاد شای ئا شووردا باس لە گرتن و کاولکردن و سووتاندنی شاری تەئیدی شاذ شینی میتانی دەکات، کە ئەم ڕووداوە هاوکاتە لەگەڵ   سەردەمی فەرمانڕەوایی پاد شا واز شەتتە، وە پا شای ئا شووری بەم شێوەیە گوزار شت لە پەلامارەکە دەکات[12]:

تەئید:

گەورەترین    شاری مەملەکەتەکەی وازا–   شەتتا بوو، هەروەك شارەکانی وەك (ئەمە   سکۆ، کەخەت،    شورو، نەبولو، خەررو، شودوخۆ، ئوشـشوکانۆ)م داگیر کرد. ئینجا سەروەت و سامانی ئەم شارانە و   سەروەت و  سامانی باوباپیرانی و کۆ شکەکانی "وازا–

---

[12] گیرنۆت ڤێلهام، شارستانیەت و مێژووی خووریەکان، 1981.

شەتتا"م بەتالان برد و هەموو شیانم هێنا بۆ شاری خۆم ( شاری ئاشوور). بەڵێ، شاری تەئیدم داگیر کرد و کاولم کرد و ئاگرم تێ بەر دا، گژوگیای خراپ و زەرەرمەندم تێدا تۆو کرد. خواوەندە گەورەکانم هەموو ناوچەکانی پێ بەخشیم لە شاری تەئید، تاکوو شاری تەروید و لە نیلخەتتۆ و کیێ شاری (کێوی عابدینی ئێ ستا) تاکوو سنوورە دوورەکەی هەرێمی شودو، هەرێمی حەرران تاکوو کەناراوەکانی ڕووباری فوڕات. دە ستم بە سەر ئەم هەموو ناو چانەدا گرت. کاری گران و زەحمەتم بە پاشماوەی هێزەکانی پاد شا "وازا– شەتتا" ئەنجام دا (جۆرە کارێك کە بە هۆی داس و خاکەناس و سەبەتەی خۆڵ هەڵگرتن ئەنجام دەدرا). بەڵام بەنیسبەت وازا–شەتتا، ئەوا من هە ستام بە دە ستگیرکردنی هەموو ئافرەتەکانی کۆ شك و کوڕ و کچەکانی پادشا و هێزەکانی لە شاری تەئیدەوە بە دەست بەستراوی هێناومن بۆ شاری ئا شوور. بەڵێ، شاری تەرید (تەئید) و لادێکانی دەوروبەریم داگیر کرد و ئاگرم تێ بەر دان، سووتا ندمن، کاولم کردن[13].

لە ئە نجامی جینۆ سا یدکردنی مي تانيـ یە کان لەلا یەن ئا شوورییەکانەوە، بەکەوڵکردنی پا شا و سەروەرەکانیان و سەربڕین و ڕاوەدوونانی خا نەوادە و خەڵکانی دەوروبەریا نەوە، لێ شاوی هەڵهاتن و کۆ چی خێڵەکانی زاگرۆس و میتانییەکان دە ستی پێ کرد و ڕووەو ئەورووپای کۆن هەڵهاتوون. لەگەڵ ئەم کۆ چەدا ئایین و

[13] گیرنۆت ڤیڵهام، سەرچاوەی پێشوو، 1981.

کولتووری خۆرپەر ستی (میترای) لە ئەورووپای کۆندا بڵاو بووە، بە هۆی ئەوەی کولتووری ڕۆما نەکان جیاواز و دژی کولتوور و ئایینی گریکییەکان بوو، شاذ سی زوو بڵاوبوونەوەی ئایینی میترایی زیاتر بوو، ئەمەش سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگای ئەورووپا و بەریتانیای ئەو کاتەی گرتەوە. لەم بارەیەوە فرانتس کۆمۆن نوو سەری کتێبی "نهێنییەکانی ئایینی میترای" کە لە ساڵی 1956 بڵاوی کردۆتەوە، سەر سوڕمانی خۆی لەم بارەیەوە باس دەکات و دەڵێت: ناتوانین باوەڕ بکەین بەوەی ئایینی میترایی بەبێ پێکهاتە و سیستمێکی ڕێك و بیری ڕێکخراو، بەوپەڕی خۆشەویستی و شادییەوە لە ڕۆما پەسەند کرابێت. دوور نییە نەریت و بنەما و نیـ شانەکانی ئەم ئایینە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆما دانرابێت و ڕێك خرابێت، بەڵام بەداخەوە ناتوانین بەوردی دەستنیـشانی ئەوە بکەین کە ئەم ئایینە لە کام نیـ شتمان و چ کات و ڕۆژگارێکی دیاریکراودا ئەو سیما تایبەتییەی وەرگرتووە کە لە ئیتاڵیا نیشانی داوە.

ئایینی میترایی لە ناوەڕا ستی هەزارەی دووەمی پێش زایینی تا دەمی لەناو چوونی لە سەر دە ستی خاچ درووشمانی مە سیحی لە ئەورووپا و هەروەها تا دەمی لەناوبردنی ساسانییە زەردەشتییەکانی خۆرهەڵات درێژەی کێ شاوە و لە ئەورووپادا نا سراو بووە و هاوتای ئایینی زەردە شتی بووە لە خۆرهەڵات. چۆن دەکرێت ئایینێك کە بە هێزی داگیرکاری و سەربازی سەپێنرا و بە ئا شتی قبوڵ بکرێت و بەفراوانی بڵاو بووبێتەوە، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵگا یانە خاوەنی

کولتوور و بیروباوەڕ و زمانی خۆیان بوون؟ لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی هۆکاری کۆچی خێڵەکانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا بەتایبەتی میتانییەکان بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە ئەورووپادا و پێش لەشکرکێشیی ڕۆمانەکان بۆ ئەورووپا و خۆرهەڵات، وەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا لە کاتی بوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و بە هۆی دژایەتی لەگەڵ کولتوور و باوەڕی گریکی زیاتر دەرفەتی بڵاوبوونەوە و لایەنگیریی بۆ ڕەخسا. لە بەریتانیادا بەتایبەتی لە ساڵی 43ی زایینییەوە تا سەدەی پێنجەمی زایینی بوونی ئەم ئایینە درێژەی کێشاوە، بە دەیان پەرستگای میترایی هەر لە بەربەستی هاردیانەوە تا ناوکوچە و کۆڵانەکانی لەندەن پەرستگایان هەبووە و خەڵکی ڕۆژانە بە مەبەستی پەرستن ڕوویان تێ کردوون، تەنانەت خودی ناوی میترا کە مەبەست لێی هاوڕێیەتی و کۆبوونەوەیە، لە زمانی ئینگلیسی بووەتە "Meeting".

بۆیە سەیر نییە و ئاساییە ئایین و زمانی باکووری چیاکانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا لە بەریتانیا و ئینگلتەرا بڵاو بووبێتەوە، بەتایبەتییش لە سەردەمی فەرمانڕوایی "هادەریان"ی ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی لە بەریتانیادا. کوڕی پاشای ڕۆمانییەکان تراگیان بوو، لە (116ز.)دا بە خۆی و لەشکرێکی گەورەوە ڕووی لە کوردستان کرد و شانشینی ئەدیابین (عازەبانیکان)ی لەناو برد و کۆتایی پێ هێنان.

## خشتەی هەندێك وشەی هاوواتا و لەیەکچووی زمانەکانی خووری، کوردی و ئینگلیسی[شمتر]:

| Hurri | Kurdish | English |
|---|---|---|
| Agul | Akule | Aboill |
| Ali lan | Lilaya | Lay lay (sing) |
| Tadugari | Jutgari | Together |
| -inn | -inn | -ing |
| Adirya | Agri-dry | Angrie |
| Adzami | Adem | Adem |
| Ie | Ie | If |
| Tri | Se | Three |
| Sapta | Hevt | Seven |
| Nava | Nvo | Nighn |

جێی ئاماژە بۆ کردنە کۆ چی بەلێ شاوی گەلانی زاگرۆس و کەناراوەکانی دیجلە و فوڕات تەنیا لە سەردەمانی ئاشووریدا نەبووە، بەڵکوو لە کاتی هێرش و پەلامارەکانی مەغۆلەکان بۆ سەر کوردستان دوو تیرەی بەرهەڵ ستکاری ئەو کاتە لە ناو چەی لوڕ ستان لە ناوەڕا ستی چیا کانی زاگرۆس بەردەوام بوون لە بەرگری و درو ستکردنی لەمپەر لەبەردەم شالاوی مەغۆل. بە هۆی ئەم ملکە چنەکردنە یانەوە لەلایەن دە سەڵاتدارانی مەغۆل بڕیاری

[14] بۆ ئەمانە بڕوانە:

Kikkuli, 1345 B.C.E., Training the Chariot Horse, 2012.
Dr. A. Nyland, The Kikkuli Method of Horse Training.

سەرکوتکردن و لەناوبردنیان بۆ دەردەچێت، هەر بۆیە ناچار هەڵدێن و پەنا دەبەنە بەر خاکی لیبیای باکووری ئەفەریقا. ئەمە و دەیان نموونەی دیکەی خوێناوی و کارەساتبار کە لە ماوەی دەیان سەدەی ڕابردوودا ڕوویان داوە و بەردەوامیی هەیە تا ئەمڕۆ، دوا هەمین نموونەش جینۆسایدکردنی کوردانی ئیزدی لە شەنگال و گەرمیانییەکانی دووزخورماتوو بوو بە دەستی ئیسلامییە جیهادییەکان، کە دەشێت بە شێوەی دیکە ئەم قڕکردنە بەردەوامیی هەبێت.

چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی شیکاری "DNA"ی دانیشتووانی بەریتانیا و ئینگلیس ئەنجام دراوە، کە تیایاندا ئاماژە بەوە دراوە لە ماوەی 7–8 هەزار ساڵی ڕابردوودا کۆچی دانیشتووانی کوردستان لە زاگرۆس و مێسۆپۆتامیاوە جا بە هەر هۆکارێک بووبێت[15]، بەرەو باکووری ئەورووپا دەستی پێ کردووە و لە بەریتانیا نشتەجێ بوون. کەواتە بەپێی ئەم شیکارییە "DNA"یانە خەڵکی بەریتانیا ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر دانیشتووانی کۆنی چیاکانی زاگرۆس و کەناراوەکانی ناوەڕاست و باکووری مێسۆپۆتامیا[16].

---

[15] بڕوانە باسی کۆچی دانیشتووانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا.

[16] بڕوانە لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکان دەربارەی "DNA".

ئەمڕۆ لە کوردستان ساڵانە لە کۆتایی مانگی مارس جەژن ئەنجام دەدرێت و پەیمانی ژیان تازە کردنەوە و ئاگری خۆ شی و دار ڕواندن دەکرێت، لە ئەورووپا و بەریتانیاش جەژنی "Easter" ئە نجام دەدرێت کە لە زاگرۆس و مێ سۆپۆتامیای کۆن جەژنی "Eeshtar" بووە و ئایینەکانی دواتر پەیڕەوییان کردووە، لەم جەژنەدا هێلکە ڕەنگ دەکرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ژیانی نوێ کە لەلای سۆمەرییەکان خواوە ند دەمووزی (دەمی ژ یان لە ز مانی کورد یدا) و لەلای میتانییەکان خواوەند میترا هەڵک شایەوە بۆ ئاسمان. هەمان باس و بیرۆکە گوازراوەتەوە بۆ ناو ئایینی مە سیحی و پەیڕەوانی ئەم ئایینە پێیان وایە عیسای مە سیح هەڵکشاوەتەوە بۆ ئاسمان. سەبارەت بە هێلکە ڕەنگکردنیش، لە جەژنی چوار شەممە سورانی ئێزدییەکاندا ئە نجام دەدرێت. ناوی ئێ ستەر "Easter" هە مان ناوی خواوە ند عیشتار (Eeshtar)ی بابلییە و ئەم خواوەندە زۆر پێش بابلییەکان و لەلای سۆمەرییەکان بە ناوی "E nin" هەبووە کە بە کوردی دەکاتە ئای نەنە (Einana) بە واتای داپیرەی بەتەمەن و دایەن، لە زمانی ئینگلی سیید شدا دەبێتە "Nene" کە هەمان واتای زمانە کوردییەکە دەبەخشێت.

لێرەدا دی سان کتێبەکەی فرانتس کۆمۆمن دێتەوە یادمان کە بە ڕوونی و درێژی با سی کاریگەریی ئایینی میترایی دەکات لە سەر ئایینی مە سیحی لە دووبارەبوونەوەی ناو و دابونەریتەکان و تەنانەت ڕۆژی لەدایکبوونی پێ شەوا و دەمی هەڵک شان و بەرزبوونەوەی.

لێرەدا پێویستە ئەو ڕێکەوتە مێژوییە بێنینە بەر چاومان کە کۆتایی ئایینی میترایی لە ئینگلتەرا و کۆتایی ئایینی زەردەشتی لە مێزۆپۆتامیا و زاگرۆس لە یەك کاتدا بووە، چونکە (627ز.) لە ئینگلتەرا و بەریتانیا و ئەورووپا لە سەردەستی مەسیحییەکان سەرجەم پەرستگاکانیان خاپوور و وێران کران، هەر لە هەمان دەمدا لە خۆرهەڵات لە سەردەمی ساسانییەکاندا لەسەر دەستی ئیسلامییە خێڵەکییە بیابانییەکان ئاگری ئاتەشکەدەکان کوژێنرانەوە و خاپوور کران. ئەم زەبروەشاندنە لە هەردوو ئایینەکە بووە هۆی ئەوەی سەرجەم ڕازە مێژوویی و بەڵگە زمانەوانییەکان بکەونە ژێر زەوی و بۆ هەتاهەتایە تاریکی دایانپۆشێت. لەگەڵ ئەمانەشدا جگە لە گواستنەوەی ئایین و نەریتە ئایینییەکان لە بەریتانیا و ئینگلتەرا، لە کۆتایی زستاندا وەك فیستڤاڵی دێنشینان ئاگر دەکرێتەوە و بە ئاگر حەز و هیوای خەڵکی بۆ شکاندنی سەرما و مژدەی هاتنی ڕووناکی و گەرمی ئەنجام دەدرێت، کە هەمان حەز و ئارەزوو و ویستی دانیشتووانی چیاکانی زاگرۆسە. ئەمەش جەژنێکی نەتەوەییە لە کوردستان، ساڵانە لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار بە ناوی نۆڕۆژە یان ڕۆژی نوێ (نەورۆز) ئەنجام دەدرێت. هەروەها نەریتێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی هاوبەش ئەوەیە ڕێبوارانی دەشتودەر و کێوەکان لە هەردوو وڵاتی بەریتانیا و کوردستان هەڵدەستن بە دانانی بەرد و کەڵەکەکردنیەتی لە سەر ڕێگای هاتوچۆی پیادە لە دەشتودەر و کێوەکان، ئەمەش واتای جێهێشتنی شوێن پێ و

پەنجەیانە، بە زمانی کوردی کەڵکە و بە زمانی ئینگلیز سییش "کۆلێکت"ە کە هەمان واتا و مەبەستیان هەیە: Callac = Collect
.

نەریتێکی دیکەی ئایینی میترا لە بەریتاذیا لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕۆمانەکاندا باو بوو، ئەویش چوونە سەر پشتی گا و قوربانیکردنی بوو بۆ خواوەند، ئەمەش هەمان نەریتی قوربانیکردنە کە تا ئێ ستاش لەناو دانیشتووانی کورد ستاندا بەردەوامیی هەیە و لەگەڵ بەرەوپێ ش چوونی ژیان خۆی گونجاندووە. لە دوورگەی بەریتانیا و بەتایبەتی لەناوەڕا ست بەرەو خوار و لە ئینگلتەرا و ناو شاری لەندەن، چەندین ناو هەن کە زۆر نزیکن لە ناوی شوێنەکانی کورد ستان و چیاکانی زاگرۆس تا ئەو ئا ستەی ناوی هەندێك شوێن هەن لە خوارووی بەریتانیا کە ناوەکانیان دەقاودەق هاوشێوەی وشە کوردییەکانە.

بۆ نموونە دوو یاڵی بـ چووك لەکەنار دەریای خوارووی بەریتانیا هەن کە هاو شێوەی سنگ و مەمکی ئافرەتن، خەڵکی بە مەمکی ئافرەت ناویان دەبەن (mumubls-mumec)، تەنانەت پاشگری "c" یان "s" هەمان پا شگری ناوە لە کورد ستان کە دەکاتە مەمەس (mumus). نەك هەر ئەمانە، بەڵکوو ناوی شاری یۆرك شیر و شوێنەکانی دیکە و تەنانەت خودی ناوی ئینگلتەرا کە پێ شتر ئاماژەی بۆ کراوە لەگەڵ ناوی شوێنەکانی زاگرۆس و کورد ستان زۆر نزیکن تا ئا ستی لەیەکچوون، ئەگەر سەرنج بدەین لە ناوە کۆنەکانی

بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر بەتایبەت ناوی شار و هەرێمەکانی ساڵی (1086ز.)، وەك: ( Sumer sete, Suds exe, Chenth, Duresme, Treding, Derby Scire) و ئەوانی دیکە هاو شێوەیان لە زمانی کوردی و شوێنەکانی کوردستاندا زۆرن.

پێ شتر ئاماژە بە خێڵەکانی گوتی و یوتی کراوە کە ڕەگی ناوە کۆنەکانیان "Lute"یە و لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو بڕگە پێك دێت کە واتا و هاو شێوەی لە کورد ستان و زمانی کوردیدا هەیە، بە هەمان شێوەش خێڵی گەورەی "Saxon" زۆر ناوی هاوشێوەی ناوە کوردییەکانی ناو چەکانی چیاکانی زاگرۆ سیان هەن وەك: ( Essex, Wesex, Sussex) و چەندین ناوی دیکە کە تا ئێستاش هاوشێوەیان لە ناوچەکانی کوردستاندا هەن وەك (سوسێ، وێسە، ئێسە و...).

لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە گۆی زەویدا، یەکەم هەنگاو وەك مەڵبەندی سەرەکی و یەکەم وێ ستگەی مرۆڤی سەرەتایی، شاخ و ئەشکەوت و دۆڵەکانی کوردستان بوو، بۆ کۆچکردن بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوای گۆی زەوی بە هەزاران ساڵ بەر لە چاخی بەردینی ناوەڕا ست و نوێ لە ناو چەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕا ست بەرەو ئەورووپا بەڕێ کەوتوون و ژیانی کۆمونی سەرەتاییان دە ست پێ کردووە و ژیاون. ئەگەر چی ئەمە یەکەم هەنگاوی نەژادی مرۆڤایەتی بووە لە سەر گۆی زەوی بۆ ژیانێکی با شتر لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا و ئەورووپا، بەڵام چەندین توێژینەوەی زانستی هەن دەربارەی کۆچی دانیشتووانی زاگرۆس و

دوو ڕووبارەکە لە خۆرهەڵات و کورد ستانەوە بەرەو ئەورووپا لە چاخی بەردینی نوێدا. بەر لە ئاماژەدان بەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر شیکاریی "DNA" ئەنجام دراون، پێوی ستە ئەو ڕا ستییە مێژوییە باس بکرێت کە وا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئینگلیسەکان چاوشین و قژ زەردن و پێ ستیان سپییە، بە هەمان شێوە لە دەقە مێخییە سۆمەرییەکان و ئەوانەی پاش ئەوانی شدا ئاماژە بەوە دراوە کە مامەڵەکردن بەو کۆیلانەی لە شاخەکانەوە ڕاگوێزراون، گرانتر بووە بە بەراورد لەگەڵ کۆیلەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی کۆیلەکانی چیاکانی زاگرۆس زۆربەیان چاوشین و قژ زەرد و سپیپێست بوون.

## لیستی هەندێك لەو سەرچاوانەی دەربارەی شیکاریی "DNA" و کۆچی بەکۆمەڵی دانیشتووانی ناوچەکانی زاگرۆس و باکووری مێسۆپۆتامیا بەرەو ئەورووپا و بەریتانیا ئەنجام دراون:


1- Ancient Europe Coloized by Island Hopper https://news. National Geography.com/news, 2014, farming-europe-island-genetics-neo.

2- New DNA Research Shows True Migration Route of Early Farming in Europe 8,000 years ago, Correcting Previous Theories University of Hudders Field, 2017.

3- Y-Chromosome and mt DNA Polymor in Iraq-a Crossroad of the Early Human Dispersal and of Post-Neolithic Migrations, WWW. Science direct.com.

4- Reconciling Evidence from Ancient and Contemporary Genomes: A Major Souvce for the European Neolithic Within Mediterranean Europe-The Royal Society 2017.

5- Ancient DNA From the First European Farmers in 7,500 years Old Neolithic Sites Science Daily-2005.

6- Europe and Western Asia Genetics and Population History, Mark G. Thomas, Toomas Kivisild, Lounes Chikhi and Joachim Barger.

7- A Genetic Landscape Reshaped by Recent Events: Y-Chromosomal Insights into General Asia NCBI 2002.

8- Y-Chromosome and mt DNA Polymorphisms in Iraq 2003.

9- The History and Geography of Human Genes, Princeto University Press, 1996.

10- In Search of the Genetic Foods of Sumerians 2011: A Survey of Y-Chromosome and mt DNA Variation.

11- Kjeilen, Tore. Iraq/Peoples.
12- William 2000: Iraq Old Land New Nation in Conflict.
13- Derby Shire, David 2010: Most Britons Descended from Framers Who Left Iraq and Syria 10,000 Years ago, London, Daily Mail 2012-12-10.
14- Migrants from the Near East Brought Farming to Europe.
15- Cavalli-Sforzaefal: Genetic Free of West Asia.
16- Al-Hewar Mutemeden: 2013, Historic 4313-2013
الحوار متمدن 4313-2013، دراســـات و ابحـاث في تأريخ.

بەپێی دابە شکاری ڕەگی خێزانی زمانە جیهانییەکان، هەردوو زمانی ئینگلیز سی و کوردی لە لیـ ستی بنەماڵەی زمانە هیندو-ئەورووپییەکانن:

Classification: Indo-European, Germanic, West, England

